www.kurdistannet.org
28-11-2005 16:37 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

# رێکخراوی مینبەری پەنابەران لەکۆبوونەوەیەکی بەرفراوان دا، پشتیوانی لەپەنابەرانی کوردی عیراقی رادەگەیەنن

دۆینێ 24-11 رێکخراوی مینبەری پەنابەران لە ناوچەی رید بریج کۆبوونەوەی سالانەی خۆیان گرت، لەم کۆبونەوەیەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە رێکخراوەی پەنابەری و ئینسانی کان بەشداریان کرد.



دەشتی جەمال بە نوینەرایەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەم کۆبوونەوەیەدا بە پیشکەشکردنی قسەوباسیك لە بارەی سیاسەتی گیرانەوەی بە زۆری پەنابەران عیراقی، لە لایەن دەولەتی بەریتانیاوە بە شداری کرد. دەشتی جەمال لە باسەکەیدا ئامازەی دا بە ناوەرۆکی سیاسەتی دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران ودژایەتی و پێچەوانەی بەمافەکانی ئینسان وپەنابەران و مافی نیشتەجێ بوون کە دەولەتی بریتانیا لە ئاستی نیو دەولەتی ئیمزایان لێ داوە، هەروەها باسی لە گرنگی و پیداگری رێکخراوە پەنابەری و ئینسانی یەکان کرد بۆ پاراستنی ئەو ماف و دەتسکەوتە ئینسانیانە. وەلەدرێژەی قسەوباسەکاندا دەشتی جەمال چووەسەر وەزعیتی سیاسی وباری نائەمنی و جەنگو تیرۆرو تەقانەوە کە لەژێر سایەی داگیرکاری ئەمریکادا بە رۆکی بە خەڵکی عیراق کردوە، ولەبەشێکی تری قسەو باسەکاندا لە سەر نائەمنی کوردستان و تیرۆر و کوشتنی ژنانو پێشیلکردنی ئازادی سیاسی و گرتنی هەڵسوراوانی سیاسی و فەسادی ئیداری وپێشێلکردنی خواستەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەن دەسەلاتدارانی کوردەوە، دووا و ئەو هۆکارانەی پەنابەرانی کوردی ناچار بە ئاوارە بوون کردوە خستەروو.



پاشان کۆوونەوەکە ماوەی دا بە بەشداربوان بۆ رادەربرین و پرسیارکردن کە سەرجەمیان نیشانەی نارەزایەتی دەربرین و راگەیاندنی پشتیوانی بوو لە پەنابەرانی کورد و کەمپینی فیدراسیۆن ولەویشدا ئەم ئەنجامانە وەك دەست کەوتی کۆبوونەوەکە راگەیندرا:

نامە نارەزایەتی بەناوی ئەو رێكخراوانەوە ئاراستەی هۆم ئۆفیس دەكریو داوای راگرتنی دیپۆرتی بەزۆری پەنابەرانی كورد دەخریتەروو.
لە گەل ئەندام پەرلەمانی ناوچەی رید بریج قسەو باس دەكرێت بۆ هینانی پشتیوانی زیاتر بۆكیشەی پەنابەران..
لە نیو رۆژنامەو هەواڵ نامەكانی رێكخراوەكانیان هەواڵەكانی دیپۆرتی پەنابەرانی كورد بلاو بكەنەوەو بە پەنابەرانی كوردی عیراقی چاوپێكەوتن ئەنجام بدەن.
لە هەڵسوران و چالاكیەكانی فیدراسیۆن بۆ سەركەوتنی كەمپینی فیدراسیۆن بەشداری دەكەن.

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی
2005-11-26
www.federasion.orgTel:0 7734704742